# تەفسیری ئایەتی ( ٦ ) لەسورەتی التحریم

[ کردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : عەبدوالسلام موحەمەد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( تفسير الآية ـ ٦ ـ من سورة التحريم )

« باللغة الكوردية »

إعداد : عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ ـ ٢٠٠٩

islamhouse.com

# تەفسیری ئایەتی ( ٦ ) لەسورەتی التحریم

خوای گەورە دەفەرموێت : **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ) .**

ئاشکرایە کاتێك خوای گەورە خطاب لەگەڵ باوەڕداران دەکات لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەویش بە ووشەی ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، بەو مانایەی کە باوەڕدارن بە بنەماو ئەرکانەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئەمەش لەبەر ئەوەیە گەر کەسێك باوەڕدار نەبێت بە بنەما و ئەرکانەکانی ئیسلام، بەچ شێوەیەك باوەڕی بە مەسئەلەیەکی غەیبی نادیار دەبێت، ئەویش ئاگری دۆزەخ و باوەڕ بوونە بە فریشتەکان، کەپاشتر باسی دەکات، هەر بۆیە خوای گەورە خطابەکەی ئاڕاستەی باوەڕداران کردوە وگشتگیری نەکردوە بۆ مرۆڤەکان بەگشتی، جا لەبەر ئەوە مرۆڤی باوەڕدار هەر جۆرە خطابێکی لەم شێوەیەی بیست یان بینی لە قورئانی پیرۆزدا با بزانێت ڕاستەخۆ لەگەڵ ئەویەتی وهەر ئەویش موکەلەف وفەرمان پێکراوە بەجێ بەجێ کردنی، لەپاشاندا خوای گەورە دەفەرموێت ( قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ ) واتە: خۆت و خانەوادە وخێزانەکەت وماڵ ومناڵت لە ئاگری دۆزەخ بپارێزە، سەرنج بدە خوشك وبرای بەڕێزم پەروەردگار یەکەم جار فەرمانەکە بەسەر خۆتدا دەکات، هەربۆیە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار پێش هەموو شتێك دڵسۆزی خۆی بێت وسەرەتا لە دەروونی خۆیەوە دەست پێ بکات بەپاککردنەوەی لە گوناهـ وتاوان وژەنگ وژاری خراپەکاری، چونکە هەر کەس نەتوانێت چاکسازی وگۆڕان لە خۆیدا ئەنجام بدات زۆر مەحاڵە بتوانێت دڵسۆزی کەسانی تر وخەڵکی تریش بگۆڕێت، بۆیە پێویستە سەرەتا ویەکەم هەنگاو باوەڕدار خۆی لە ئاگری دۆزەخ بپارێزێت وفەرمانەکانی خوای گەورە جێ بەجێ بکات، کە ئەمەی کرد ئەمجا هەنگاوی دووەم دەست پێ دەکات، ئەویش هەنگاوی چاکسازیە لەکەسە نزیکەکانی خۆیەوە، خێزانەکەی وماڵ ومنداڵەکەی، چونکە چاك بزانە ئەی برای باوەڕدار تۆ لێپرسراوی یەکەمی خێزانت و منداڵەکانتی لەبەردەم خوای گەورە لەڕۆژی دوایدا، وەك پێغەمبـــــەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت : ( كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته .... والرجل راع وهو مسؤول عن بيته ... ) واتە ئێوە هەمووتان بەرپرسن وهەر هەمووشتان لێپرسراون لەژێر دەستەکانتان .... پیاو بەرپرسە ولێپرسراویشە لەماڵ ومنداڵی ، کەواتە باوەڕدار نابێت بەهیچ شێوەیەك کەمتەرخەمی بکات لەپەروەردەکردنی ماڵ

ومنداڵی، وه دەبێت بە پەروەردەکردنێك پەروەردەیان بکات کە خوا و پێغەمبەرکەی پێیان خۆشە، بۆ ئەوەی لەڕۆژی دوایدا لەبەردەم پەروەردگاردا بەڵگەی بەدەستەوە بێت بڵێت ئەی خوای گەورە تۆ زانا و ئاگادرایت من لەپەروەردەکردنی خێزان و ماڵ ومنداڵم هەرچیەکم توانی کردم، تۆش لەهەمووان بەڕەحم تریت، چونکە ئەگەر کەمتەرخەمی بکەین، لە قیامەتدا ماڵ ومنداڵمان شکایەتمان لێ دەکەن وئەڵێن ئەی خوای گەورە باوکمان کە لێپرسراوی ئێمە بوو لە دونیادا هیچی بۆ باس نەکردین ولەم ڕۆژە نەیترساندین!

جا با بزانین بەچ شتێك بیانترسێنین، خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ ) واتە : بیانرسێنە بەو ئاگرە سوتێنەرەی کە سووتەمەنیەکەی لاشەی مرۆڤەکانە لەگەڵ تاوێرە بەرد، جا بابیر بکەینەوە ئاگرێك خوای گەورە بەو شێوەیە وەصفی بکات کە بەمرۆڤی خراپ و بێباوەڕ و تاوێرە بەرد هەڵبگیرسێت، ئەبێت چ ئازار وئەشکەنجەیەکی هەبێت!! ئێمەی لاواز وبێ دەسەڵات لەبەرامبەر هێز ودەسەڵاتی خوای گەورەدا تەحەمول وبەرگەی داخکردنێکی ئاگری دونیا ناگرین کە بەدەقی حەدیثی صەحیح ئەم ئاگرەی خۆمان بەشێکە لەحەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ، ئەبێت چ پاشە ڕۆژێکی خراپ چاوەڕوانمان بکات ئەگەر لە ڕێبازەکەی خوا لاماندا وسەرپێچی فەرمانەکانیمان کرد؟! باشە ئەبێت ئەم دۆزەخە کێ پاسەوان وسەرپەرشتیار ودەرگاوانی بێت ؟ بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە دەفەرموێت : (عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ ) ئەم دۆزەخەی کە باسمانکرد کۆمەڵە فریشتەیەك بەسەریەوەن وسەرەپەرشتی دەکەن و دەرگاوانی دەکەن کە زۆر بەهێز توند وتیژن ورق ئەستوور وتوورەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە زۆر چاك تۆڵە لەو کەسانە بسێننەوە کە بێباوەڕ بوون ونافەرمانی پەروەردگاریان کردوە لەدونیادا، چونکە کەسانێك پەند وەرنەگرن بەو هەمووە ترساندن وئاگادارکردنەوە وئامۆژگاریەی ئەو ژمارە زۆرەی پێغەمبەران وپیاوچاکان وخواناسان، دەبێت هەر ڕۆژگارێکی لەو شێوەیە چاوەڕوانیان بکات ( خوا پەنامان بدات وبمان پارێزێت لە ئاگری دۆزەخ ) جا ئەم فریشتانەی کە بەسەر دۆزەخەوەن خـــــاوەنی دوو صیفەتی تریشن ئەویش ئەوەیـــە (لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ) هەرگیز سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە ناکەن، وەهەرفەرمانێکیان پێ بکات جێ بەجێی دەکەن وئەنجامی دەدەن، واتە هیچ کارێکیان لەوویست وئارەزووی خۆیانەوە نیە، بەڵکو هەمیشە چاوەڕوانی فەرمانی خودان وبەبێ فەرمانی ئەویش هیچ کارێك ئەنجام نادەن .

جا خۆشەویستان ئێستا ئێمەی باوەڕدار هیچ عوزر وبیانوویەکمان نیە با پێش ئەوەی مەلەك الموت ڕیگامان پێ بگرێت ویەك چرکە مۆلەتمان نەدات چاوێك بەکار وکردەوەی خۆمان وخانەوادە

وخێزانەکانماندا بخشێنینەوە بزانین تا چ ئەندازەیەك کردەوەکانمان لەگەڵ فەرمانەکانی خوای گەورە پێك دینەوە؟ چونکە مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە کە ئێستا موحاسەبەی خۆی دەکات پێش ئەوەی تەرازو وپێوانەکەی پەروەردگار دابنرێت، کە ئەو کاتە ئیتر پەشیمان بوونەوە و خۆزگەو داخ وئەسەف خواردن هیچ سوودێکی نیە و ( رب أرجعوني لعلي اعمل صالحا ) هیچ دادێکمان نادات .

ئـــەی خوای گەورە بەناو صیفەتە جوانەکانی خۆت داوات لێ دەکەین کە بە ئاگری دۆزەخ نەمــان سوتێنیت ونەمان کەیت بە سووتەمەنی سزای خۆت ( ئامین یا رب العالمین ) .